"The way a society treats its children is the most telling testimony to its humanity and liberty. Children must come first, above any national, economic, political, ideological, religious and cultural considerations and interests." ***The Founding Document of The Protection center for defens of chidren’s rights in Iraq***

children first

# سەنتەری منداڵان یەکێك لە ڕابەرانی دڵسۆزی لە دەستدا

# بۆ مەرگی هاوڕێ و هاوکارمان قادر مجید




بەداخ و ئەسەفێکی زۆرەوە هاوڕێی و ئازیزو هاوکاری هەمیشە چالاك و بەرپرسی مالی ڕێکخراوەکەمان هاوڕێ قادر مجید دوای ململانێکی سەختی نزیك بە سێ مانگ لە گەڵ مەرگدا، ڕۆژی 4ی شوباتی 2010 لە نەخۆشخانەی یاقلە- سوید دڵە گەورە پڕ لە هیواکەی لە لێدان کەوت و چاوەکانی بۆ دواجار لێکناو ماڵئاوایی لە ئێمەو حیزب و هاوڕێیانی و خێزان و کەس و کاری کرد. هاوڕێ قادر لە ژیانی سیاسی و هەڵسوڕانیدا نموونەی ئینسانێکی جدی و دڵسۆز، هەمیشە گورج و گۆڵ و چالاك بوو، لە ساڵی 2004 و لە ماوەی کارکردنیدا لەگەڵ ئێمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵاندا، نموونەی مرۆڤێکی

---

"The way a society treats its children is the most telling testimony to its humanity and liberty. Children must come first, above any national, economic, political, ideological, religious and cultural considerations and interests." ***The Founding Document of The Protection center for defens of chidren's rights in Iraq***

children first

مولتەزیم بوو، هیچ کات نەبووە بۆ یەك لەحزەش لە کارێك یان مەوعیدێك دواکەوێت، یان ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرشانی جێبەجێ نەکات.

هاوڕێ قادر مجید ئەندامی کۆنفرانسی چوارەمی نێونەتەویی "یەکەم منداڵان" بوو کە لە ساڵی 2006 دا لە ستۆکهۆڵم = سوید بەسترا بۆ نەهێشتنی توندو تیژی لە دژی منداڵان وبەرگری کردن لە مافەکانیان و چۆنێتی هاوکاری و بە هاناوە چوونی منداڵان. هاوڕێ قادر کادرێکی دڵسۆزو هڵسوڕاوێکی ماندوو نەناسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو وە لە نێو دۆست و هاوڕێ و خێزان و کەس و کاریدا شەخصیەتێکی خۆشەویست بوو.

ڕۆژی 11 نۆڤەمبەری 2009 هاوڕێ قادر بە هۆی جەڵتەی دڵەوە بەرەو نەخۆشخانە بەرێخرا، ئێمە وەك هاوڕێ و کەس و کاری لە ماوەی نزیك بە سێ مانگدا کە بەردەوام سەردانمان دەکرد و لەدەوری بووین، ئەو هەمیشە دڵی پڕ لە هیوا بوو کە زوو چاك دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە نێو هاوڕێیانی ودەست بە هەڵسوڕان دەکاتەوە. بەڵام بەداخەوە پێش هەفتەیەك لە گیان لەدەستدانی دکتۆرەکان پێیان ڕاگەیاندین کە ئەوان دەستەوەستانن لە چارەسەری و تەنها چەند ڕۆژێکی تر ئەژی، ئەمە بۆ ئێمە و خێزانی هاوڕێ قادر هەواڵێکی زۆر سەخت و دڵتەزێن بوو.

لەدەستدانی هاوڕێ قادر بۆ ئێمە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان و بۆ حیزب و هاوڕێ و خێزان و کەس و کاری خەسارەتێکی گەرەیەو، بۆ هەمیشە جێگەی لە دڵ و دەرونی ئێمەدا خاڵیە. بە ناوی بەرپرس و ڕابەرانی سەنتەری منداڵانەوە، سەرخۆشی لە خۆمان و هەموو ئەندامان و دۆستانی سەنتەری منداڵان وهاڕێیانی حیزب و خێزانەکەی دەکەین و لە غەم و پەژارەیاندا خۆمان بەبەشدا دەزانین.

بەرزو بەڕێز بێت یادی هاوڕێ قادر مجید

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان

5ی شوباتی 2010

www.childiraq.com